

# گوڵبژێرێک لە شیعری سەلاح شوان

لە ناو ئەڵقەکانی ئەم بزووتنەوە ئەدەبییەدا. ئەوانەی بە تەمەن لە ئێمە گەنجتربوون، ئەو کاتە هەندێکیان خوێندکاری زانکۆبوون. لەوانە: سەلاح شوان، ئەنوەر قادر محەمەد، سامی شۆڕش، سەلام محەمەد، عەبدوڵڵا عەباس و هەندێکی تر بوون. لە هەمووشیان چالاکتر "سەلاح شوان" بوو، هەر خۆشی سەرپەرشتی دەرکردنی گۆڤاری "ڕوانگە"ی ئەکرد.

**شێرکۆ بێکەس**

لە دەقی (بە ڕووتی لە بەر بارانی لەزەتدا)ی "سەلاح شوان"دا مانا ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووت نابێتەوە. لە سرووش و جووڵانەوەی وێنە و ڕستەکاندا هەست بە سرووشی مانایەکی گیانی و وزەی چاو دەکەیت.

**سەباح ڕەنجدەر**

(سەلاح شوان) شاعیرێکی گەورەی ئەم بزووتنەوەی شیعری نوێی کوردییەیە و خاوەنی تاقیکردنەوەیەکی لەمێژینەیە، مەنگ وەستانی لە بڵاوکردنەوەدا، مەنگ وەستانی نییە لە نووسین و پێشکەوتنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، شاعیر تووشی ئەو بارە نەبوو، کە هەندێک شاعیری گرتووەتەوە، هەر

ڕۆژەی بە جۆرێک لەم ڕۆژنامە و لەو گۆڤاردا لەبەردەم خوێنەراندا خۆقیت دەکەنەوە. وردبوونەوەیەکی قووڵ لە شیعرەکانی ئاشنابوونە بە ڕووداو و خەمەکانی گیانی. دەبێت ئەوە بزانین فۆنیمەکانی کراسی فۆنۆلۆژییەکی هونەرمەندانەی بە بەرداکراوە، لێرەدا ئەو کارلێککردنە بەهێزە پێ دەزانین، کە شاعیر لە تەک ژیاندا هەیەتی، بەڵکو فرە کەڕەت دەبێتە پارچەیەکی ئەو کێشەیە و لێی جیا نابێتەوە، لە ئەنجامدا خۆی بە هاوکێشەیەکی ڕاست و ڕەوان دەخاتە ڕوو بۆ ژیان و مرۆڤایەتی.

**جەباری حاجی کەریم**

لە مێژووی ئەدەبی نوێی کوردیدا دەبێت چەند لاپەڕەیەکی گرینگ بۆ ئەزموونی بە پیتی ئەم داهێنەرە. (سەلاح شوان) تەرخان بکرێت، کە ڕەهەندێکی جوانناسی لە شیعر و چیرۆکدا هێنایە پێشەوە.

**موحسین ئاوارە**

(سەلاح شوان) شاعیرێکی نوێکارە، لەدوا دوای شەستەکان و سەرەتای حەفتایەکانی سەدەی ڕابردوودا، وەک شاعیرێکی نوێکاری تایبەتمەند جێ پێی خۆی لە سەر زەمینی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی کردەوە، بە چەپکێکی جوان و ڕازاوە لە هۆنراوەی ڕیالیستی ڕەخنەگریی ئاودراو بە ڕۆمانسییەت. چەند چینێکی ناوازەی خستە سەر تەلاری شیعری نوێی نەتەوەکەی.

**کەریم شارەزا**

شیعری (سەلاح شوان) زۆر کارم تێدەکات.

**محەمەد ڕەشید فەتاح**

(سەلاح شوان) لای من زۆرتر وەک شاعیر ناسراوە، بەرهەمی شیعریی جوانیم دیوە، تا ئێستاش ژمارەیەک چیرۆکم خوێندووەتەوە. خاوەنی بەهرەیەکی ئەدەبی چاکە، توانایەکی باشیشی هەیە لە تێڕوانین و سەرنجدان و گەڕان بە دوای دەرد و بارە کۆمەڵایەتییەکانماندا، لە

هەڵبـژاردنی کـەسـەکـانیـدا زیرەکـە. سـروشـتـە شـاعـیـریەتیـیـەکـەشی بە چیرۆکەکانیەوە دیارە.

**ئەکرەم قەرەداخی**

(سەلاح شوان) وەک چیرۆکنووسانی ئەم دەیە، بە تایبەتیش نوێخوازەکانی ناو بزووتنەوەی (ڕوانگە) و دەرەوەی ڕوانگەش. لە چیرۆکی نوێی کوردیدا تەکانێکیان بەم هونەرە داوە، تەنانەت لە هەندێک تەکنیکی نوێشدا زیاتر لەوان جۆرێک تەکنیکی بەکارهێناوە، کە لای هاوڕێ نوێخوازەکانی دیکەی ئەم دەیە نابیندرێن.

**سابیر ڕەشید**

## کۆچێکی بێسەر و شوێن

گەڵایەکی غەمباری دەم
ڕووباری بەفراوی مەرگی
ئەڕۆیت و ناگەڕێیتەوە
لە بیابانێکی وشک و برینگی ناو لەپی شەودا
کەس ناناسی و کەس ناتناسیێ و
بیرم ئەکەی
بیرم ئەکەیت و بیرت ئەکەم و هەر شەوەی
لە قوژبنێکی تاریکی
مەیخانەیەکی بەغدادا
ئەخۆمەوە و باست ئەکەم
باست ئەکەم و ئەگریم و ئەخۆمەوە
تا لە بیرم ئەچیتەوە
لە ناو بەفردا و
لە بەر زریانی هەناسەی ساردمدا دانیشە و مەڕۆ
لە بەر هەتاوی هاویندا
لە ناو گڕی گریانمدا دانیشە و مەڕۆ

تۆ ئەستێرەیەکی کزی
دەست بۆ خۆری
وەڵامی گشت  پرسیارەکان درێژ مەکە
ڕێگا خزە
ئەگەر ئەشرۆی جێم مەهێڵە
نێرگزێکم
ئەتوانی بمدەی لە یەخەی
بە ئاوی خۆر نەشۆراوت

ئەسپەکەت شارەزا نییە
توێشەبەرەم و
بمبەستە پشتی خۆت و
جێم مەهێڵە
بمبە لەگەڵ خۆتدا بمبە
بۆ شەو و تاریکیی ڕێگات
چرام و هاودەمی ڕێگام

جێم مەهێڵە
خەم و مەیخانەکان و خۆر
بەجێ دێڵم
بمکە بازیبەند و بمکە قۆڵی خۆت و
جێم مەهێڵە
**ئەڕۆم و ئەگەڕێمەوە**
**هێشتا دەریا**
**ناتوانێ سەر بەرەو لووتکەکان هەڵگرێ**
**ناتوانێ دوای**
**پەڵە هەورێکی پەرەوازە بکەوێ**
**ئەڕۆم لەگەڵ هەوردا ئەڕۆم**

**لەگەڵ باراندا دێمەوە**
**ئەڕۆم لەگەڵ غەمدا ئەڕۆم**
**لەگەڵ گریاندا دێمەوە**
**گشت هاتنێک ڕۆیشتنەوەیەکی هەیە**
**ئەڕۆم لەگەڵ خۆردا ئەڕۆم**

خۆر جێگای بەرزە
تۆ هێشتا مەلێکی بەرزەفڕ نیت
ئەترسم ڕەهێڵەی غەمی ئەم بەهارە
پەڕ و باڵت تەڕ بکات و پەکت بخا و
نەتبینمەوە

جێم مەهێڵە

خۆشەویستم ڕووبارێکی بەهارەیە
دڵیشم ئەکەمە پاپۆڕ
بۆ لووتکەی کام چیات ئەوێ
سەرت ئەخەم

جێم مەهێڵە

دڵمت بۆ ئەکەمە چەتری
خوێنینی مەمکی شەوگار
لە داباریني ئەستێرە و
سەرمای شەوانی سایەقە
ئەتپارێزم جێم مەهێڵە

جێم مەهێڵە
بارانم و بۆ هەرکوێ بڕۆی
ئەتوانم لێوی غەریبی و
نوێنی تەنیاییت بۆ ئاوڕشێن کەم

جێم مەهێڵە

ئەڕۆم و ناگەڕێمەوە
غەمی خۆت بگرە باوەش

بیلاوێنەوە و بیمژە و
خۆشت بوێ
خۆشم ئەوێ
من غەمی خۆمم خۆش ئەوێ
غەم میوانی ئازیزی شەوی پایزە
بە درێژایی گشت شەوەکان
بۆم ئەڵێت و بۆی ئەڵێم و
خەوم نایە و خەوی نایەت
غەم دۆستی شەوە و دڵدارمە و
تا بەیانی سەری ئەکاتە سەردڵم و
بەڕووتی لەگەڵمدا ئەنوێ
خۆشم ئەوێ
من غەمی خۆمم
خۆش ئەوێ

**چرۆی بەفر**

هۆ لەیلێ لەیلێ لەیلەکەم
تاقە جارێک پێت گەیشتم
نەتهێشت غەمی پەرێزەکانت گوڵچین کەم
نەتهێشت بارانی ئارەزووم
تاوێ بە ئاودرە نەرمەکانی لەشتدا
شۆڕبێتەوە
لقەکانی مانگ و ئەستێرەت بۆ بگرن
لە لێواری وەرزی زاینی گولیلکی کانیاوێکدا
ماسی هەموو
گرستانەکانمت لە کۆشی وشکتدا
خەو لێ خست و
سەرمت خستە سەرتاشەی بەردەکەی سیزیف و

بەجێت هێشتم
جێم ئەهێڵی و خەو ئەبینم
تا بەفر و سەوزە گیا لە سەر
لەشم شین نەبێت هەڵناستم
خەو ئەبینم تا ئەستێرەی خەونەکانم
لە پێڵوومدا گوڵ دەرئەکا و
چلوورەی سوورت بۆ ئەگرێ
ئەوسا ئەبم بە مەزارێک
کیژۆڵەکان دێنە سەرم
مراز ئەگرنەوە و منیش
لە باڵاکەت نامراد بووم
لەیلە بێ نازەکەم لەیلێ
ئەوەن خەونم بینی تاکو
هەردووک بووینە دوو ئەستێرە
هەژارەکان
هەموو ساڵێک لەو شەوەدا
تا بەیانی
چاوەڕوانی
لە یەکدانی
ئێمە ئەکەن
ئێمەش دوو قۆڵی درەختی ئەستێرەکانین
پێک ناگەین
شەو و ڕۆژین
بە دوای یەکدا ئەخولێینەوە
بە یەک ناگەین و نامرین

ئەستێرە چاو خومارەکەی
ناو کۆشی ئەسپی ئارەزووم

خۆت ئەزانی
هەر کەسێ مەرگی ئاگری
لە ناو دڵدا هەڵگرتبێت
خەوی نایات و ناخەوێ
خۆت ئەزانی ماسیی گریانم تا وەکو
ترسی وشکبوونی سیروانی لە دڵ بێت
لە داکردنی فرمێسکی خۆی ناکەوێ
یەخەی کانیی
ناو مەمانی
کچۆڵەی غەم بەرنادات و داناکەوێ
خۆت ئەزانی
گەواڵەی پەڵە هەورێکی
پایزانە نیم تا وەکو
دابکەم و بڕۆم و نەگەڕێمەوە

**پرۆمیسیۆس سەیری ئاسمان ناکات**

لە ناو غەمی هێشتا کاڵی ئەم وەرزەدا
دائەنیشم
چاوم لێیە
چۆن ئەکرێمە ناڵی سووری
ئەم شەوگارە
ئەنرێم بە پێڵاوەکانی هۆلاکۆوە
هیچ دەنگ ناکەم
لە ناو وشەی
سەرەتای گشت وشەکاندا
سەر ئەخەمە سەر ئەژنۆم و
سەیری هیچ لایەکم ناکەم

شەودێ و ئەڕوات
ڕۆژ بە دوایدا
خەو دێ و ئەڕوات
خەم بە دوایدا
دێت و ئیتر ناڕواتەوە
سەرم بە دوای خەونەکانیدا
ئەڕوات و ناگەڕێتەوە
دەستی ڕاستم
بە دوای سەرمدا ئەنێرم
ناگەڕێتەوە

چاوەڕێم
گڕی ئارەزووی بیابان
یاری بە لەشی خاوم ئەکات
هیچ دەنگ ناکەم
**بێ دەنگ مەبە**
**لەم شەوە ڕەشەدا سوارێک**
**ڕەشپۆش و ڕەش**
**بە ئەسپێکی ڕەشەوە تاوت بۆ دێنێت**
**بێ دەنگ مەبە**
**گەر بێ دەنگ بیت**
**شار چۆڵ ئەبێ**
**ئاو ناگاتە ئاسیاوەکان**
**ئاو ناگاتە لێوی وشکی نازدارەکان**
**بێ دەنگ مەبە**